کوردستان نێت
KURDISTAN NET
رۆژنامەیەکی ئەلکترۆنی رۆژانەی کشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
19:22 14-2-2007 بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

## جەلال تاڵەبانی و دژایەتی کردنی سەربەخۆیی کوردستان لە کوێوە سەرچاوەی گرتووە ... حەمە کەریم

تاڵەبانی راست دەکات دەڵێت تا ئێستا هیچ سەرکردەیەکی راستەقینە ی کورد نەبووە بیری لە دروست کردنی دەوڵەتی کوردی کردبێتەوە، راست دەکات چونکە خۆی وەک کەسێکی چالاک لەناو بزووتنەوە و قوتابخانەی کوردایەتیدا رۆڵی بەرچاوی هەبووە و لەومەیدانەش دا بەدرێژایی تەمەنی سیاسیانەی خۆی بیری لەوە نەکردۆتەوە کە دامەزرێنەری دەوڵەتێک بێت بۆ خەڵکی کوردستان، بەواتای ئەوەی ئەوە دانپیانانێکی پرکێشانەیە کە بەدرێژایی مێژووی بزووتنەوەی کوردایەتی هیچ رابەرێک نەبووە کە هەڵگری بەرنامەی مافی چارەی خۆنووسین بێت بۆ خەڵکی کوردستان، زۆر راست دەکات چونکە ئەوانەی تا ئێستا لە مەیداندا بوون هەمیشە چرنووقیان لەدەسەڵات گرتووە و و بەدوای سازش و گفتوگۆ و رێککەوتن دا بوون، بەدوای ئەوەوە بوون کە ماوەیەک شەڕەکانی نێوان خۆیان و دەسەڵات خەست بکەنەوە و دوایی وەک جەولەی دووەمی خەبات بچنە سەر مێزی دانووستاندن، نەک ئەوەی بەرنامەی شەڕی درێژ خایەن ستراتیجیەتیان بێت و گفتوگۆ وەک تاکتیکێکی کاتی بەکاربێنن. بەدرێژایی بزووتنەوەی کوردایەتی تا ئێستا هەمیشە لە چاوەڕوانی ئەوەدا بوون کەی رژێم بتوانێت گوێ لەداواکاریەکانیان بگرێت و بتوانن لە چوارچێوەی عێراق دا ئەمانیش چەند وەزارەتێکیان بەربکەوێت و لەسەرەوە هەم سەرانی کوردایەتی و عەرەبی ناسیونالیست وەک دوو برا بەیەکەوە لە عێراقێکی نیشتمانیدا بەیەکەوە ژیان ببەنە سەر، بە دەر لەخواستی جەماوەری کوردستان کەخوازیاری دەوڵەتێکی سەربەخۆبوون، واتە ئەمە سەرانی کوردایەتین بەدوای دروست کردنی دەوڵەتەوە نین بەڵکە خواستی خەڵکی کوردستان هەمیشە پێکهێنانی دەوڵەتێکی سەربەخۆ بووە، مێژووی بزووتنەوەی کوردایەتی مێژوویەکی کۆنەپەرستانەی تۆمار کردووە، نەک مێژوویەک پڕ لەسەرووەری بۆ خەڵکی کوردستان بەوەی خەڵک ئازادو سەرفراز بژین و ئینسانی دەرەجە دوویی لە مێژووی ئەم وڵاتەدا بسڕێتەوە، بەڵکو مێژوویەک بووە پڕ لەخیانەت، پڕ لەنۆکەرایەتی کردن بۆ دەوڵەتانێک کە راستەوخۆ کوردستانیان بەسەردا دابەش کراوە، وە سوێند وپەیمان نوێ کردنەوەی سەرانی کۆنەپەرەستی کوردایەتی بۆ داگیرکەرانی کوردستان بەوەی کە ئەمان بەدوای دروست کردنی دەوڵەتەوەنەبوون، بەڵکە ئەمان هەمیشە خوازیاری درێژکردنەوەی تەمەنی ژێردەستەیبو پێکەوەلکاندن بوون. لەوکاتەوەی تاڵەبانی بەئاشکرا گووتی بیری لەحکومەتی کوردی نە کردۆتەوە زۆر لە نووسەران و رۆشنبیران پێی سەغڵەت بوون، بۆیە دەیانەویست مێژووی بزووتنەوەی کوردایەتی بەشێوەیەکی تر بەخەڵک بناسێنن، نەخێر راستگۆیی تاڵەبانی لەقسەکانیدا ئەو دەرەنجامەی دایە دەست خەڵک بەوەی کە ئێمە نامانەوێت و ناشتوانین حکومەتی کوردی دابمەزرێنین، بڕۆن بەدوای ئالتەرناتیڤێکی تردا بگەڕێن، ئێمە بەس ئەمەندە لەهەمبانەکەماندابوو، ئەویشمان خاڵی کردەوەو تەکاندمان. بۆیە دەبێت بەدوای ئەوەوە بین کەقسەکانی تاڵەبانی لەکوێوە سەرچاوەی گرتووە، یان دەبێت بەدوای ئەوەوە بین ئایا میتۆدی چەمکی کوردایەتی و سەرانی بورجوازیەت و دەرەبەگ وئاغاو مەلاو بنەماڵەکان دەتوانن چارەنووسی خەڵکی کوردستان لە دروست کردنی حکومەتێکی ئازادا بەدەستەوە بگرن، بێگومان نەخێر، کەواتە بیروبۆچوونێک کەتائێستە خەڵکی لەژێر ناوی رزگاری کوردستاندا فریو داوە ناتوانێت بەدیهێنەری ئەو خەونە بێت، بۆیە بیری کوردایەتی و بیروباوەڕی ناسیونالیزمی کوردی بە پراکتیک لەمەیدان دا دیمان کامە دەرەنجامەکەیەتی.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکەیەتی کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.